سودانی لە لوتکەی قاهیرە لەگەڵ ژمارێك لەسەرکردەکان گفتوگۆی کرد

ئەمڕۆ شەممە محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەگەڵ ژمارێك لەسەرکردەکان گفتوگۆی کرد بۆ کۆکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتی بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر کۆرتی غەزە. لە ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیراندا هاتووە : سەرۆك وەزیران گفتوگۆی لەگەڵ ژمارێك سەرکردە ئینجامداوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی پاپشتی عەرەبی و نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی داواکەی عێراق کە دەستبەجێ ئاگربەست ڕابگەیەنێت و ئەو گەمارۆیە هەڵبگرێت کە بەسەر غەزەدا سەپێنراوە، لە کاتی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی لوتکەی قاهیرەبۆ ئاشتی. سەرۆك وەزیران داوای کرد لەگەڵی زنجیرەیەك گفتوگۆ، هەوڵی هاوبەش بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان، هەروەها پاپشتیکردنی دەستپێشخەری عێراقی بۆ دامەزراندنی سندوقێکی پشتیوانی بۆ خێکی گەمارۆدراوی غەزە.